# کارگەو شوێنی کار یان کوشتارگەی کرێکار

## ڕیپۆرتاجێک سەبارەت بە ڕووداوەکانی کار

**ئامادەکردنی: هاوپشتیی کرێکاریی**

**گفتوگۆکان هاوڵو بەڵێن ئەنجامیان داون**

وەک لە مانشیتی ژمارەی ڕابردووی بڵاوکراوەکەمان نووسیبوومان مەرگی کرێکار لەسەر کار کوشتارەو ڕووداوێکی ئاسایی نییە،



زۆر هۆکاری ڕاستەوخۆ لە پشت گیان لەدەستدانو بریندار بوونی کریکار لە کاتی کارو لە ڕیگا بۆ گەیشتن بە شوینی کار بوونیان هەیە. بەڵام نابێت ئەم هۆکارە ڕاستەوخۆیانە فاکتەری سەرەکی ئەم کوشتارە ئاشکرایەمان لەبیر بەریتەوە. لە دنیایەکدا کە ئامانجی کارو بەرهەمهێنان کەڵەکەکردنی قازانجە بۆ سەرمایەو زیندوومانەوەیە بۆ کرێکار، هیچ شتیک لەوە ئاسایی تر نابێت کە ژیانی کرێکار بە بێ بەها سەیر بکرێتو تا دنیای سەرمایەداریو ئەم شیوازە لەبەرهەمهێنان مابێت، سەختە ئەم قوربانی بوونەی کرێکار کۆتایی بێت.

بۆ سەرمایەدار کار بەرهەمی بەکاربردنی هێزو توانای کرێکارەو کەسایەتیو ژیانی کرێکار ئامرازی خۆ دەوڵەمەند کردنو کەڵەکەی قازانجو سەرمایەی زیاترە، بەڵام پرۆسەی کار بۆ خودی کرێکاریش پرۆسەی قوربانی کردنی بەشێک لە ژیانە بۆ زیندوومانەوەو درێژەدان بە ژیان. بۆ هیچ کەس کارگەو شوێنی کار ئەو جێگایە نییە کە ژیانی تیا بەرهەم دێت یان ژیانی تیا دەگوزەرێت. بەڵکو ئەو شوێنەیە کە ژیانی تیا بەخت دەکرێت. لە بناغەیی ترین ئاستدا ئەمە هۆکاری هاتنەکایەو فراوانبوونەوەی ڕووداوەکانی شوێنی کارە. فراوانبوونەوەیەک کە ئەم دیاردەیە وا لێ دەکات هیچی کەمتر نەبێت لە جەنگو کوشتارێکی بەردەوام. سەرمایەدارییو قازانجپەرستی بکوژی کرێکارانن، بەڵام وەستانەوە بەرامبەر بەم دیاردەیەو کاری بەردەوام بۆ کەمکردنەوەی زیانەکانی نابێت یەک ڕۆژیش لەسەر ڕزگاربوونی یەکجارەکی لەدەست دیوەزمەی سەرمایە پەکی بکەوێت. هەوڵدان بۆ بەرگرتن بەم دیاردەیە بەشێکی نەپساوەی خەباتی هەموو ڕۆژەی کرێکارە لە پێناوی هەلومەرجیکی گونجاوی کارکردندا. دەرخستنی ڕاستیەکانی ئەم دیاردەیە هەنگاوێکی پێویستە بۆ بەرەنگاربوونەوەی.

بە پێی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی کاری جیهانی ILO ساڵانە سەدان هەزار کەس لە شوێنەکانی کار کوژراوو بریندار دەبن. بە پێی توێژینەوەیەک کە ساڵی 2005 لەسەر بنەمای ڕاپۆرتەکانی ئەو ریکخراوە کراوە ژمارەی خەمڵێنراوی مەرگ لە ئەنجامی کاردا نزیکەی 350 هەزار کەسە لە ساڵێکداو ژمارەی ئەو ڕووداوانەی کە بونەتە هۆی لە کارکەوتنی کرێکار بۆ ماوەی 3 ڕۆژو زیاتر دەگاتە 264 ملیۆن ڕووداو. بە پێی ئەو توێژینەوەیە ساڵانە لە هەر 100 هەزار کارگەرێک لە دنیا 14یان بە هۆی ڕووداوی کارەوە دەمرنو لە هەمان ژمارە 10 هەزار کرێکار بە هۆی ڕووداوەکانی کارەوە 3 ڕۆژ یان زیاتر لەکاردەکەون.

دیارە ئەو ژمارانە لەسەر بنەمای ئاماری نزیک بە دە ساڵ بەر لە ئێستا خەملێنراوەو پێشبینی دەکرێت کە بە هۆی فراوانبوونەوەی پیشەسازی لە چەندین وڵاتی دەرەوەی ئەورووپاو ڕۆژئاواوە کە بە دەگمەن نەبێت ستاندارده جیهانیەکان لە بواری پەیوەندیەکانو یاساکانی کاردا لەبەرچاو ناگرن، وا پێشبینی دەکرێت کە ئەو ژمارەیە گەلێک لە ڕاستی کەمتر بێت. لە

هەرحاڵدا تەنانەت ئەگەر ئەو ژمارەیەش هەر بەو جۆرە قبوڵ بکرێت، مایەی بێزاریو تورەییەکی گەورەیە. ڕاستیەکی ڕاچڵەکێنەرە کە لە هەر 3 دەقەیەکدا لە دنیادا 2 کرێکار دەبنە قوربانی ڕووداوەکانی کارو گیان لەدەست دەدەن.




لەو توێژینەوەیەدا ئاماژە بە خەمڵاندنی ژمارەی قوربانیان بە پێی وولاتەکان لەوانە عیراقیش کراوە. بە پێی ئەو خەمڵاندنە ژمارەی کرێکارانی قوربانی کار لە عیراق لە ساڵی 2005 تەنها 850 کرێکار بووە. کە مانگانە دەکاتە 71 کرێکار لە سەر ئاستی هەموو عیراقدا. ئەگەر تەنها ئامارەکانی دائیرەی کارەبای سلێمانی بۆ بەراورد بەکاربهێنین نادروستیو ناڕاستی خەمڵاندنی ئەم ژمارەیەمان بۆ دەردەکەوێت. بە پێی سەرچاوەیەک لە بەریوبەرایەتی کارەبای سلێمانیەوە ژمارەی کرێکارانێک کە بە تەنها لە شاری سلێمانی، لە 1991 تا ئێستا گیانیان لەدەست داوە 88 کرێکارن. واتە تەنها لە بەرێوبەرایەتیەکی شارێکی عیراق، لە هەر دوو مانگێکدا کرێکارێک بە هۆی ڕووداوەکانی کارەوە گیانی لەدەست داوە. دیارە بۆ ئەوەی ژمارەی ڕاستەقینەمان چنگ بکەوێت دەبێ ئەم ڕێژەیە لە ژمارەی کارگەو بەڕیوبەرایەتیەکانی سەرجەم عیراق بدەین، کە ئاشکرایە چەند بەرابەر دەردەچێت.

هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە کەمتەرخەمیو بگرە بێ دەربەستی لە بەرامبەر ژیانی کرێکاردا هۆکاری یەکەمی ئەم ڕادە بەرزە لە مەرگی کرێکارانە. ئەم بێدەربەستیە تەنانەت پاش ئەوەی ڕووداوی کار دەبێتە هۆی کەمئەندام بوونی کرێکار هەر درێژەی هەیە، بۆ نیشاندانی ئەم ڕاستیەو دەرخستنی هەندێک لایەنی ژیانی کرێکارانی قوربانی ڕووداوەکانی کار هاوپشتیی کرێکاریی سەردانی بەرێوبەرایەتی کارەبای سلێمانیو ژمارەیەک لە کرێکارانی کەمئەندامبووی کردو ئەم گفتو گۆیەی سازدا.

یاسین محمد کریم یەکێک لەو کرێکارانەی کارەبای سلێمانیە کە بە هۆی ڕووداوێکەوە هەردوو دەستی براوەتەوە بەم جۆرە بۆ بڵاوکراوەکەمان دووا: "وەک سەرجەم کرێکارانی ئەم وڵاتە جوانترین ڕۆژانی تەمەنمان تەرخانکرد بۆ بنیاتنانی ئەم وڵاتەو ڕوناککردنەوەیو ئێمە کرێکاران بە گشتی وەک مۆمێک واین دەوروبەری خۆمان ڕووناک دەکەینەوەو خۆمان دەسوتێین. ماوەی



چەند ساڵە ئەم کارەساتەم بەسەر هاتووە بەڵام تاکو ئێستاش کەس سەردانی نەکردووین لە بەرپرسان بۆ ئەوەی لە نزیکەوە نەهامەتیەکانمان بزانن. من ئێستا ڕێژەی کەمئەندامیم 100% بە پێی ڕاپۆرتی پزیشکیو من هەردوو قۆڵم لە دەست داوەو ئێستاش پێویستم بە نەشتەرگەریە لە دەرەوەی وڵات، بەڵام بە هۆی دەستکورتی توانام نییەو من ئێستا 33 خاڵم هەیە بەڵام تا ئێستا سوندمەند نەبووم لە پێدانی زەوی. بە داخەوە دائیرەی کارەبا زۆر کەمتەرخەمن. تەنانەت نەشتەرگەریم لەسەر حیسابی خۆم کردووە لە خەستەخانەی ئەهلی."

بە بەڵگەوە کرێکاران بوونەتە قوربانی شوێنی کار کە تیایدا توانراوە سەلامەی سناعی دابین بکەن، بەڵام نەکراوە. گەر هەبێت زۆر کەم بووە. زۆربەی سیانەکان ڕافیعەیان بۆ دابین نەکراوە، گەر هەشبووبێت زۆر کەم بووە.

هاوژین جەمال محمد کرێکاری سیانەی ئەزمڕ یەکێکی تر لەو کریکارانەیە کە لە ڕووداێکدا قۆڵێکی لەدەستداوە.

هاوژین ووتی: ساڵی 2003 دامەزراوم و لە بەرواری 2007/1/25 کەمئەندام بووم بە پێی ڕاپۆرتی پزیشکی کەمئەندامیەکەم 80% یە، من تا ئێستا دوو خولم بینیوە کە کراوەتەوە لە دائیرە بۆ کرێکاران. قۆڵی ڕاستم براوەتەوە و پەنجەی دەستو قاچم براوە، لەگەڵ سووتاوی ڕووخسارم. زۆری کارو نەبوونی ڕافیعەو نەبوونی دەستکێشو پێداویستیەکانی تر لە سیانەی ئەزمڕ بووە هۆی کەم ئەندامیم، بەڵام ئەو جێگایەی کارم تیا دەکرد دوای وەزعی من سەلامەی پیشەسازی بۆ دابینکرا.

هاک: داواکاریت چییە وەک کرێکارێکی کەمئەندام؟

هاوژین: داواکاریم ئەوەیە ڕەچاوی بژێوی ژیانمان بکرێت چونکە موچەکەم زۆر کەمە بە هۆی کەمی خزمەتم. ئەو پارەیە بەشی ژیانی ڕۆژانەم ناکات. هێوادارم ئاوڕمان لێ بدرێتەوەو بریندارەکانمان ڕەوانەی دەرەوە بکرێت بۆ چارەسەرو زەویمان پێ بدرێت بە گیانبەختکردووانو کەمئەندامانو مووچەیەکیان پێ بدرێت کە لەگەڵ گرانی ژیانی ئەمڕۆ بگونجێت.

وەک لە قسەی هەندێک لە کرێکارەکان دەردەکەوێت بە دوواداچوون بۆ هۆکارەکانی ڕووداوەکانیش لە ئاستی پێویستدا نییە، لەم بابەتەوە حسێن کرێکارێکی کارەبا وتی: من لە ساڵی 978وە تەعیین بوم چەند جار کارەبا لێی داوم لە کاتی کارکردن لە تانجەرۆ کە 11KVیە لە کاتێکدا من لەسەر عاموود بووم خۆم بەستبووەوە کارەبای فیدەرەکەمان پڕ بوو. ئێمە پێنج کەس بووین کارەبا لێی دام بەسەر عاموودەکە بوورامەوە، بەڵام بە هۆی خۆبەستنەوە بە قایش نەکەوتمە خوارەوە کرێکارێکمان گیانی لەدەست دا کرێکارەکانی تر بریندار بوونو ئێستاش نەمانزانی هۆی ڕووداوەکە چی بوو. جارێکی تریش 11 مەتر هەڵیدامە خوارەوە. بە داخەوە دائیرەی کارەبا زۆر کەمتەرخەمن بەرامبەر بە کرێکاران.

هەر سەبارەت بە مەسەلەی کرێکارانی قوربانی کار لە کارەبای سلێمانیو ئەو ڕێگایانەی کە دەبێت بگیرێتە بەر بۆ کەمکردنەوەی ڕووداوەکان هەڵسوڕاوی کرێکاریی لە ناوەندی کارەبا نەوزاد بابان بە بڵاوکراوەکەمانی ووت:



پێم وایە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری کرێکارانی کارەبا لە ڕێی کردنەوەی خولی عەمەلی بۆیانو ناردنیان بۆ دەرەوەی وڵاتو دابینکردنی ڕافیعە بۆ سەرجەم سیانەکان. ئەو تیمانەی دەردەچن بە بێ ڕافیعە مەرجەکانی سەلامەتی سناعیان پی بێت ئەمانە دەتوانن ڕێژەی ڕووداوەکانی کار کەمبکەنەوە.

سەرەڕای ئەوەش ئەو شوێنانەی کاری لێ دەکەن مولیدەی ئەهلی ئاگاداربکریتەوە کە نزیکن لەو شوێنانە کە ئەمە ئێستا زۆر مەترسی هەیە بۆ کرێکاران. هەروا سەبارەت بەوەی کە چی بۆ کریکارانی قوربانی کراوە لە لایەن بەڕێوبەرایەتی کارەباوە نەوزاد وتی: بەداخەوە کەس ئاوڕ لە ژیانی کرێکارانی کارەبا ناداتەوە بە تایبەتی گیانبەختکردووان یان کەمئەندامان. حکومەت بەرپرسە لە ژیانی ئەمانەو دەبێ پێداویستیەکانیان بۆ دابین بکات. کەمئەندامان ڕەوانەی دەرەوە بکات بۆ نەشتەرگەری و سەرجەم سیانەکان ئاستی وشیاریان بەرزبکریتەوە. هەر تیمێک پێوەری لەگەڵ بێت پێش چوونە سەر تاوەرەکان تەئکید بن کارەبا براوە. ئەکرێ ئەو شوێنانە مەترسی زۆرە سەلامەتیان لەگەڵ بێت بۆ ئیحتیات.

هەروەها چاومان کەوت بە کامەران کە کرێکاریکی کارەبایە لێمان پرسی کە بۆ کەمکردنەوەی قوربانیانی کارەبا کە برێتین لە 88 کوژراوو 116 بریندار، چی بکرێت؟

کامەران وتی: من ئەم کەمتەرخەمیە دەگەڕێنمەوە بۆ سەندیکای بەشەکان. دیارە ئەوە پێویستی بە پشتیوانی سەندیکا هەیە کە لەم ناوەندە لە حاڵەتی زۆر ترسناک هەیە. لە کاتی جێبەجێکردنی کارەکەیاندا پێویستیەکانیان کەمە وەک عەینەک، پێڵاو، دەستکێشو ...و ئەمە وا دەکات کە ببێتە هۆی کارەسات بۆ کرێکار. ئەوە کەمتەرخەمی دائیرەکانە بە تایبەتی سەندیکا کە ئەویش وەکو پێویست نییەو هەڵبژاردنی نەکردووە. سەندیکا پشتیوانیەکی وای لە کرێکاران نەکردووەو سەبارەت بە چوونە دەرەوەش بە داخەوە خزمەتێکی وای بە کرێکاران نەکردووە. ئێمە چەندین جار داواکاریمان کردووە کە کرێکاران بچنە دەرەوە بۆ خولەکان، بەڵام لەبەرئەوەی داواکاریەکان تاکە کەسی بووە، لەبەر پەرشوبڵاوی کرێکاران سەرکەوتوو نەبووین.

بۆ ئەوەی دیوێکی تری خوێندنەوە بۆ ئەم بارودۆخەی کار لە دائیرەی کارەبا بخەینە ڕوو چاومان کەوت بە بارزان عبداللە ڕەشید بەرپرسی ڕاهێنانو پەرەپێدانی سەلامەتی پیشەیی لە بەڕیوەبەرایەتی گشتی کارەبای سلێمانیو ئەم چەند پرسیارەمان ئاراستە کرد کە دەقی گفتو گۆکە وەک خۆی بڵادەکەینەوە.

هاوپشتیی کرێکاریی: ئایا ئێوە هیچ کارتان بۆ کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی شوێنی کار کردووە؟ چ بەرنامەیەکتان هەیە بۆ دائیرەی کارەبا لەم بابەتەوە؟

بارزان: ئەوە جێگای داخو نیگەرانیە بۆ هەر کارمەندێک بۆ بریندار بوونو گیان لەدەسەتدانیان. بۆ ئێمە زەرەروزیانێکی گەورەیە چ بۆ دائیرەو چ بۆ میلەتەکەمان. هەمووومان دەزانین کە کاتێکی زۆری دەوێت تا کادرێکی کار دروست دەبێت یان خۆی دروست دەکات ئیداری بێت یان تەکنیکی یان حیسابی -کە ئێمە ئێستا زیاتر لە مەجالی تەکنیکی قسە دەکەین- . کاتێ کارمەندێ پەروەردە دەبێت بە داخەوە بریندار دەبێ یان گیان لەدەست دەدات. ئێمە بەرنامەیەکی دوورو درێژمان هەبووە تا بۆ نموونە بتوانین کاریگەریمان هەبێتو ئەم ڕووداوانە کەمبکەینەوە. بەڕاستی هەوڵمان ئەوە بووە یان بەرنامەمان ئەوە بووە کاتێک کە



کارمەندەکانی بەشی سیانەمان وەختێک لە خەتەکاندا یان لە گەڕەکەکاندا کاریان کردوە ئێمە پێشتر کارەبامان بڕیوە، چونکە نابێت تەزووی تیا بێت کە ئەم کریکارە کاری تیا دەکات. جگە لەوەش لیژنەی تایبەتمان هەیە بێجگە لە لیژنەکانی تر ئێمە ئامۆژگاریی بەردەوامامان کردووە بۆ سەلامەتی کرێکاران کە دەبێ لە مەیدانی شوینەکەدا ئەمسەرو ئەو سەری خەتەکە فەحس بکات بۆ دڵنیا بوون. بە داخەوە ئەو کارەساتانە زۆربەی دەگەڕیتەوە بۆ کارەبای موەلیدە لە شوێنەکانی ترەوە ئەچێتەوە سەر خەتەکە. چارەسەرکردنیشی زۆر قورسە. لەسەروو ئەوەشەوە ئێمە کۆمەڵێک خەتو ختووتمان هەیە لە قەزاو ناحیەو شارەکاندا وەک بەدواداچوونی بۆ کراوە خەتەکانی کارەبا تێکەڵاوی زۆری تیا کراوە. بۆیە تاکو ئێستا وەکو پێویست چاکنەکراوە. ئێوە سەیری خەتەکان بکەن ئەڵێی تۆڕی جاڵجاڵۆکەیە. لە هەندێک سیانە چاککردنی سری خۆی هەیە. وا ڕیککەوتووە سیانەیەک لەگەڵ یەکیکی تر جیاوازی هەیە. ئەو کارمەندەی ئەچێتە سیانەیەکی تر نەزانێت ئەو کارەبایە لەسەرەوە تیکەڵ بووە، تووشی کارەسات دەبیت. بە داخەوە هەرچەندە ئەو کارمەندەی کە لەوێ کار دەکات خزمەت بە خەڵک دەکات بەڵام بەشیکی دەگەڕیتەوە بۆ خۆی کە رینماییەکانی سەلامەتی کار پەیڕەو نەکات وەکو پێویست. ئێمە فۆرمێکمان درووست کردووەو ڕۆژانە لە کاتی دەوامداو دوای دەوام دابەشمان کردووە بەسەر سیانەکاندا لەگەڵ لێپرسراوی وەجبەکە لەگەڵ بەرپرسی سەلامەتی پیشەسازی سیانەکەیان کە ئەو کارمەندە دەنێریت بۆ ئیش دەبێ هەرسێکیان ئیمزای بکەن بەوەی کە ئەم کارمەندە پێویستیەکانی سەلامەتیی جیبەجیکردووە ئینجا بڕوات بۆ کار. ئەو فۆرمانەش مانگانە لێیان وەردەگرینەوەو کۆیان دەکەینەوەو لیژنەی ڕووداوەکانی کارو بەرپرسەکەی دەڕوات بە شوین هەر ڕووداویکی شوینی کاردا. سەرەتا لە بەرپرسی سیانەکە دەکۆڵینەوە دواتر لە کرێکارەکەو دواتر لە گروپەکەو چەند هۆکاری تر. بەڵام بە ڕاستی ئێمە تا ئێستا بە سیستەمی

پێشکەوتووی سەردەمی عەولەمە کار ناکەین. نەمانتوانیوە وەکو پێویست، لەبەرئەوەی ڕیگری هەبووە خۆتان دەزانن مەسەلەی بودجە لە ناو پەرلەمان، ئەوەی کە تەسدیق ناکرێتو ناگاتە دائیرەکان، کەمی بودجەو ئەو کێشە ئیداریانەی لە وڵاتدا هەبوون. بەرنامەمان هەبووە کە زۆر پێداویستی هەبووە بیرمان لی کردۆتەوە بۆ دابینکردن بەڵام بەدەستمان نەگەیشتووە. بۆ نموونە ڕافیعەی سەلە کە ئەتوانم بڵێم شتیکی زۆر باشە بۆ خزمەتکردنی کارمەندو جەماوەرەکەمان، کە لە جیاتی پەیژە ئەمە بەکاربهێنین. چونکە وەختی وابووە پەیژەکە پلەیەکی شکاوە بۆتە ڕووداو یان کەوتۆتە خوارەوە زۆر مەشاکیلی هەیە یان ئەوەندە پەیژەکە ئەهێنینو ئەبەن کە قابیلی شکانەو ئەبیتە هۆی کەوتنە خوارەوە. بۆیە ڕافیعەی سەلە پیویستی ئێمەیە کە دەبێ هەموو سیانەکان هەیانبێت. ئەمە هەم سەلامەتەو هەم کاریش خیرا ئەنجام دەدات. کە لەجیاتی یەک کریکار شوینی دوو کریکاریشی تیا دەبیتەوە.

هاک: باشە هەست ناکەن کە ئەم سیستەمی کارە زۆر کۆنەو لەگەڵ ژیانی هاوچەرخی ئەمڕۆدا نایەتەوە.

بارزان: بە دڵنیاییەوە من لە پرسیاری پێشوودا جوابم دایتەوە، دیارە نابیت بڵێین هەمووی کۆنە. تازەشی تیایە بە پێی بوارەکان بۆ نموونە تازەگەریمان دروستکردووە ئێستا ئەندازیارو کارمەندمان دەتوانن محەتە دابنین. ئەمە پێشکەوتنەو مایەی خۆشحاڵیە. لە ناو محەتەی دوکانو دەربەندیخان کەوتوونەتە کار. ئەندازیارانو کارمەندان لەگەڵ خەڵکی شارەزای دەرەوەدا خەریکن گۆڕانکاریی لە یەکەکاندا دەکەن. ئێمە لەسەردەمی گەمارۆی ئابووریدا کە چەندین گەمارۆمان لەسەر بووە، توانیومانە کۆنترۆڵی ئەو وەزعە بکەین کە کێشەی گەورەمان نەبێت. ئەوەی ئێستا هاتۆتە پێشەوە ڕەنگە ئەوەندە بتوانین تەعامولی لەگەڵدا بکەین یان بگەڕێتەوە بۆ بوونی ئابووریەک کە بتوانین چارەسەری ئەوانەی پێ بکەین.

هاک: کرێکاران ناڕەزایەتی ئەوەیان هەیە کە ناخرێنە خولەکانەوە.

بارزان: پێم خۆش بوو ئەو پرسیارەت کرد کە ئەو کرێکارانە گلەیی ئەوە دەکەن. لام وابیت من پێشتر پێش چاوپێکەتنەکە باسی خولەکانم بۆ کردی بە کورتی، بەڵام دەورەکان ڕاهێنانە، مشاهەدەیە، تێستە ئێمە وەکو ئەم بەشەی خۆمان کە پەیوەستە بە کردنەوەی ڕاهێنان لە هەموو بوارەکاندا، خولی زۆرمان هەیە. ئێمە مانگانە دەوراتی 15 تا 20 ڕۆژی دەکەینەوە لە مەڵکەندی لەسەر ئەو ڕووداوانە.

هاک: بۆچی دوای ڕووداوی کار، دوای ئەوەی کە کرێکار کەمئەندام دەبێت وەکو خۆیان دەڵێن مەرحەباش ناکرێن؟ وەکو یاسین کە هەردوو دەستی لەدەست داوە یان هاوژین جەمال دەستێکیو لایەکی لەشیو زمانی گرتۆتەوە. کاتێک ڕاپۆرتەکەی هاتۆتەوە هەواڵەی دەرەوە بکرێت کەچی کەسێکی تریان لە جێگای داناوە.

بارزان: بە نیسبەت ئەو کرێکارانەی گلەییان کردووە بە داخەوە ئەو ڕووداوانە ڕوودەدەن لە کاک یاسینو ئەو برادەرانە ناڕەحەتیەکەی بۆ هەموومانە. کاک هاوژین، من بۆ خۆم لە لیژنەیەکدام بۆ لێکۆڵینەوە لەو مەسەلەیەی ئەو، هۆکارەکانی ڕوونکراوەتەوە. نەک ئاوڕیان لێ نەدراوەتەوە، بەڵکو بە پێی پێویست لە تەحقیقەکەدا ئیشی لەسەر کراوە. ئەوەی بزانین هۆکارەکەی خۆی نەبێت هەر ئیشی بۆ کراوە. لەوانەیە کەمتەرخەمی خۆشی بێت. هەر ئیشی بۆ کراوە. مەبەستیان لەوە چییە؟ ئاوڕدانەوە چییە؟ تۆ ئەگەر ڕادەی خانەنشین بوونت هەبێت ئەوا دەکرێیت. ئەگەر بێتوو گیان لەدەست بدا ئەوا شەهیدی کارەبایە. ئەمانەیان لەگەڵ دەکرێت.

هاک: کرێکارانێک زۆر خزمەتیان هەبوە ئەرزەشیان نەدراوەتی. هەروا دەکرا ئەو کریکارانە ببرانایەتە دەرەوە بۆ چارەسەر. ئەو نەشتەرگەریەی ئەوان پێویستیانە لە دەرەوەی وڵات دەکرێتو سەرکەوتووە، بۆ نایاننێرن؟

بارزان: سەبارەت بە دابەشکردنی زەوی، ئەوە چەند ساڵێک لەمەوبەر بوو ئێستا وەستاوە، ئەگەرنا ئەو کرێکارانەی تووشی ئەو حاڵەتە بوونو هەروەک شەهیدانی کارەبا، بێگومان دەبیت حیسابیان بۆ بکرێتو ئەوەش دەکەوێتە سەر داهاتوو.

هاوپشتی: ڕاستە بە ڕواڵەت وەستاوە، بەڵام لە ژێرەوە نەوەستاوە، بەردەوامە.

بارزان: ئەوە لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە، ئەوە حاڵەتی خاسی تێ ئەکەوێت.

هاک: هاوژین دەڵێ ئەو سیانەیەی من چووم سەلامەی پیشەسازیی نەبوە.

بارزان: ئیمکانی ئەوە نییە. ئێمە هەموو شتیکمان دابەش کردووە. وەکو وتم بە پێی ئەو فۆرمە دەرچوون دەکرێت. بە بێ ئەو مەرجانە کە دەبێ کامڵ بێتو ئیمزای بکرێت دەرچوون نییە. من خۆم ئێوارانێک دەرچووم چاودێری کارەکانم کردووە، ئەو کارمەندانەی ئەو مەرجانەیان بووبێت موکافەئەم کردوون تا فێر بن بیکەن. مەبەستی چییە هاوژین؟ ئەگەر ئەو خۆی دەستکێشی پەڕۆو ئەوانەی تری بەکار نەهێنابێت ئەوا هەر ئەوەیە هۆکاری ئەو ڕووداوە.

هاک: لە بەرنامەتاندا نییە زەوی بدەن بە قوربانیانی کار؟

بارزان: بەڵی دەمانەوێت تەواوی ئەو ئامارانەمان لابێت کە لە دوای 91وە ڕوویانداوە تا دابەشیان بکەین بزانین ئەوەی هەقی خۆی وەرگرتبێت –هەرچەندە ئەوە ناگاتە هەقی خۆی- بەڵام ئەوانەی کە هیچیان بۆ نەکراوە بۆیان بکەین. نەک ئەوەی گلەییمان لێ بکرێت چونکە دائیرەی کارەبا ئەوانەی بە موڵکی خۆی زانیوە، بە ڕۆڵەو کەسو کاری خۆی زانیوە. ئەگەر ئەوان نەبن دائیرەی کارەبا بوونی چییە؟ مادام ئەرک هەیە دەبێ مافیش هەبێت.

هاک: ئێمە زانیاریمان هەیە کە کەسو کاری قوربانیان دەڵێن تا ئێستا کەس لە بەرپرسانی کارەبا سەردانیان نەکردووین بۆ ئەوەی لە نزیکەوە گوێ لە داواکانمان بگرن.

بارزان: ئێمە لە کاتی ڕووداوەکەدا وەک بەرپرسان چووین بۆ خەستەخانە، بۆچی نا؟ بەڵام لەبەر سەرقاڵی کاروباری ڕۆژانە ناتوانین ئەوە بکەین. تەنها ئەو حاڵەتانە نەبێت ناتوانین هەموو ڕۆژێک ئەوە بکەین. لە هیچ شوێنێک ئەوە نەبووە، بەڵام لە کاتی ڕووداوی شوێنی کاردا پێویست دەکات.

## هاوپشتیی کرێکارییش قسەی هەیە

وەک لە سەرەتای ریپۆرتاجەکەوە ئامەژەمان پێدا، جێپەنجەی بێباکیو بێدەربەستی بە هەموو ئەو ڕووداوانەوە دیارە کە کرێکاران لە ئەنجامیاندا گیانیان لەدەست داوە، یاخود تووشی کەمئەندامیو لەکارکەوتنی یەکجارەکی بوون. تەواوی قسەوباسی کرێکاران خۆیانو خودی لایەنی بەرامبەریش کە بەرپرسێکی بەڕێوبەرایەتی کارەبایە، گەواهی ئەوە دەدەن کە ژیانو سەلامەتی کرێکار بابەتێک نییە ئەولەویەتی ئەم بەڕێوبەرایەتییە پێکبهێنێت. لە کاتێکدا کە نەبوونی هەندێک پێداویستیی سەلامەتی کار بەوە پاساودەدرێت کە "داوامان کردووەو نەبووە، پلانمان بۆ داناوەو جێبەجێنەکراوە" یاخود کێشەی بودجەمان هەیەو پەرلەمان تەسدیقی ناکاتو حکومەت وەڵام ناداتەوە، هیچ گومان لەوەدا نییە کە ئەگەر ئەم پشتگوێ خستنەی دەزگاکانی سەرەوە شمولی ئەو شتانەی بکردایە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بەڕیوبەرایەتیەوە هەیە، خودی کاربەدەستان هەڵوێستێکی تریان دەبوو.

لەم ڕاپۆرتە ئەوەش ئاشکرا دەبێت کە کرێکار بۆ خاوەنکار، جا سەرمایەدارێک بێت یان دەزگایەکی دەوڵەتی لە کەرەستەیەکی بەرهەمهێنانو قازانج چنینەوە زیاتر شتێکی تر نییەو هەر کاتیش توانای کاری لەدەستدا وەک هەر کەلوپەلێکی بێکەڵکی تر فڕێ دەدرێتو ئەگەر بیەوێت مافێکی سادەی خۆی وەک ئینسان دەستگیر بێت دەبێ زەلیلی بەردەم کاربەدەستان بێت وەک ئەوەی خێری پێ بکەن. کاتێک دەڵێن: "ئاوڕدانەوە چییە؟ تۆ ئەگەر ڕادەی خانەنشین بوونت هەبێت ئەوا دەکرێیت. ئەگەر بێتوو (کرێکار) گیان لەدەست بدا ئەوا شەهیدی کارەبایە." ئەم دەربڕینە هیچ هەستێکی بە موعاناتی ئەو کەسە تیا نییە کە تا دوێنێ بە دەستەکانی خۆی کاری کردووەو ئەمڕۆ بە هۆی کارکردنەوە کەمئەندام بووە. لە وڵاتانێک کە خەباتی بەردەوامی کرێکار کارێکی کردووە، کرێکارو ئینسان بە گشتی بەهایەکی زۆرتری هەبێت، جۆرەها ئیمکانیاتو بوار بۆ کەسانی کەمئەندام دەکرێتەوەو لە هەموو ڕوویەکی سایکۆلۆجیو فیزیکیەوە بایەخی پێ دەدرێت.

ئەوەی کە کرێکار لەبەر ئەوەی گوێی بە مەرجەکانی سەلامەی پیشەیی داوە خەڵات دەکرێت، نیشانەی ئەوەیە کە ئەم بەهەند وەرگرتنەی مەرجەکانی سەلامەتیی کار وەک کارێکی نائاسایی سەیر دەکرێتو گوایە ئەوە کرێکارە کە دەبێ فێری بێت، ئەمە لە لایەکی تریشەوە بە بێ خشپە خەریکە ئۆباڵی هۆکارەکانی ڕووداوەکانی کار دەخاتەوە سەر شانی کرێکار خۆی. ئێمە دەڵێین کارکردن بە پێی مەرجەکانی سەلامەتی کار بەرپرسیارێتی خودی بەڕێوبەرایەتیو خاوەنکارەو هەر کەمتەرخەمیەک لەم بوارەدا دەبێ لێپێچینەوەی توندی لەبەرامبەردا بکرێت. بەڵام دیارە هەر ئەمەش بە تەنها بەس نییە. شتێک کە وا دیارە لە کوردستان هەر ناویشی نییە قەرەبووکردنەوەی کرێکاری زیان لێ کەوتووە. لە وڵاتانێک کە وەک وتمان خەباتی کرێکاران خۆیان بەهای ئینسانی ئەوانی بەسەر کۆمەڵگەو دەسەڵاتدا داسەپاندووە کەسانێک کە وەک یاسین محمد کەریم کە ڕادەی کەمئەندامیەکەی 100% ە بە سەدان هەزار دۆلار قەرەبوو دەکرێتەوە کە باسی گیان لەدەستدان هەر نەکەین کە چەند بەرابەری ئەوەیە. ئەو پارەیە لە لایەن ئەو دامەزراوەوە دەدرێت کە کرێکاری بەکارگرتووە. ئەم مەرجی قورسی قەرەبووکردنەوەیە وا دەکات کە خاوەنکار خۆی لە کرێکار پەرۆش تر بێت بۆ بەجێهێنانی مەرجەکانی سەلامەتی کار. لە کوردستانو عیراق کە ئەمڕۆ قۆناغێکی گواستنەوە لە ئابووری نەخشەبۆکێشراوەوە بەرەو ئابووری بازاڕی ئازاد بەخۆیەوە دەبینێتو ڕۆژلەدوای ڕۆژ ڕادەی بەرپرسیاریتی حکومەتو دەسەڵاتەکان لە بەرامبەر تاکدا بەرەو داچوون دەچێت، کریکاران دەبێت خواستی دانانی سیستەمێکی کارای تەئمینی سەحیو قەرەبووکردنەوەی کرێکاران بکەنە یەکێک لە خواستە دەمو دەستەکای خۆیان.

ماوەتە ئەوەی بڵێین کە ئامانجی ئێمە لەم ڕاپۆرتەو لەم باسە ئەوە نییە کە ویژدانی دەسەڵات بەخەبەر بهێنین بۆ بە هەندوەرگرتنی ژیانی کرێکاران، چونکە لەوەدەچێت ئەمە ئەستەم بێتو دەیان وتارو باسو ریپۆرتاج نەتوانێت تاڵەموویەک لە ویژدانی نوستووی ئەوان بجوڵێنێتو تۆزقاڵێک لە بێدەربەستی ئەوان کەمکاتەوە. ڕووی دەمی ئێمە لە کرێکاران خۆیانەو بانگەوازی ئەوان دەکەین کە چیدی ئەم بارە لارە تەحەمول نەکەنو بە یەکگرتوو بوونو ڕێکخراوبوونی ڕیزەکانی خۆیان خەبات بۆ خواستەکانیان توند بکەنەوەو بەهای ژیانو بوونی خۆیان بەسەر کۆمەڵگاو حکومەتو خاوەنکاردا بسەپێنن.